# به دەنگی خۆتـان لۆزانێکی تر دوبـارەمەکەنەوە و بەشداری مەکەن لە هەڵبژاردندا!

**سامان کەریم**

zaryak@yahoo.com

هەلومەرجی سیاسی هەنوکەیی عێراق و کێبەرکێی نێوان ئەمەریکا و وولاّتانی تری زلهێز، لاوازی لەڕادەبەدەری دەسەلاّتی مەرکەزی، کۆسپ و بوحرانی گەورەی نیزامی ئیسلامی ئێران و حکومەتەکانی تری ناوچەکەو لە هەموو ئەوانەش گرینگتر، هاتنە مەیدانی بێوینەی خەڵکی کوردستان بەدەوری خواستی جیابونەوەداو هەروەها بوحرانی سیاسی و حکومەتی کە ئەمەریکا لە نێو عێراقدا دەرگیریەتی، هەموو ئەم فاکتورانە هۆکاری یارمەتیدەرن بۆ جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ تیایدا، ئەمرۆ فرسەت لە هەرکاتێکی تر لەبارترە.

84 ساڵ لەمەوبەر لە ساڵی1923 /7/23دا لە پەیمانێکی ئیمپریالستانەدا کە ناوی لۆزانی لێنراو بەڕیکەوتن لەگەڵ کۆماری تازە پێگرتوی تورکیادا، کوردستانی عێراق بە تەواوی لێکێنرا بە عێراقەوە، وبەم پێیەش سەری سیڤەری خوارد، کە هەندێ بەلێنی ناڕۆشن و بڕیاری تێدابوو بەقازانجی خەڵکی کوردستان. بەریتانیا ڕاستەوخۆ بەرپرس بوو لە جێبەجێکردنی ئەم پەیمانەو ئاکامەکانی، ڕوانگەی بەریتانیا ئەوکات لەپەیوەند بەچارەنوسی کوردستانەوە بە ڕۆشنی لە قسەی ولسن دا دەردەکەوێت کە دەڵێت"بە هەموو دەستاوێژێکی گونجاو کە لە دەستماندا بوو ئامانجمان سارکردنەوەو پوچەڵکردنەوەی هەموو هەوڵێك بوو کە لە لایەن کوردەوە بدرێ بۆ جیابونەوە لە فەرمانڕەوایی ئێران و ئامانجیشمان بەجێهێشتنی کوردانی دەرەوەی ویلایەتی موصل بوو بە دەردی خۆیانەوەو هەر ڕەفتارێك کە حکومەتی تورکیا بەرانبەریان بیکات" (د. شاکر خەسباك، کوردو مەسەلەی کورد/ لا34). نەخشەی پایەدارتری بەریتانیا و فەرەنسا و هاوپەیمانەکانی سەرکەوتوو لە جەنگی جیهانی یەکەمدا لە راستیدا لە پەیمانی سایکس بیکۆوە لەساڵی 1916وە دەست پێدەکات و بە هودنەی مۆرۆس لەساڵی 1918 و ڕیکەوتنی سان ریموو پاشان ڕیکەوتنی سیڤەر لەساڵی 1920دا تێپەردەبێت و لە لۆزانداو هەندێ ڕیکەوتنی تری دوای ئەوە، نەخشەی سایکس بیکو بە شوێنی خۆی دەگات. گرینگی ئەم باسە بۆ ئێستا لەوەدایە کە خەڵکی کوردستان بە بەلێن و قسەی وولاّتانی بەریتانیا و ئەمەریکا فریو نەخۆن(هەرچەندە ئەوان هیچ بەلێنێکیان نەداوە) وە ئەوان بەدۆستی خۆیان نەزانن و بەبونی ئەوان دڵخۆش نەبن. لەوانەیە، دۆستی ئەحزابی کوردیبن، ئەوان کەیفی خۆیانەو هەرگیز دەرسیان لە تەجروبە فاشلەکانی خۆیان وەرناگرن و وەریان نەگرتوە، کە هەمیشە بۆتە هۆی ئەوەی سەری خەڵکی کوردستان بکەنە بە قوڕداو خۆشیان پەلاماری یەکتری بدەن.

## *لە لۆزانەوە تا ئێستا !

لەو کاتەوە تا ئێستا گەلێك بزوتنەوەی چەکداری لە کوردستاندا ڕویداوە کە من لێرەدا باسەکەم تایبەت دەکەمەوە بە کوردستانی عێراقەوە، لە بزوتنەوە چەکدارییەکانی شێخ مەحمودەوە بگرە تاکو شیخ ئەحمەدی بەرزان و پاشان بزوتنەوەی چەکداری مستەفا بارزانی و دواتر پێکهێنانی حیزبی دیمکراتی کوردستان و دەست پێکردنەوەی بزوتنەوەی چەکداری ئەیلول لە ساڵی 1961و جیابونەوەی ئەم بزوتنەوەیە لەنیوان باڵی مەکتەبی سیاسی و دواتر بەیانی 11ی ئازارو هودنەی 4 ساڵەو پاشان " ئاش بەتاڵ"ی ئەم بزوتنەوەیەو دواتر سەرهەڵدانی یەکێتی نیشتمانی و حەرەکاتە زگزاکیەکانی لەنێوان نیزامی ئیسلامی ئێران و حکومەتی بەعسداو پاشان ئەزمەو جەنگی یەکەمی خەلیج و دەسەلاتی ئەحزابی کوردی و شەڕی نێو خۆو ڕیککەوتنی واشنتن و ڕوخانی حکومەتی بەعس و نزیکبونەوەو ڕیکەوتنی یەکێتی و پارتی بەرزکردنەوەی خواستی فیدرالی و... ئێستاش هەوڵدانی هەردوو حیزبی دەسەلاّتدار بۆ فیدرالیزمی قەومی و بەشداری کردن لەهەڵبژاردنێکدا کە ڕاستەوخۆ کوردستان ئیلحاق دەکا بەعێراقەوە...

بە درێژایی ئەم هەشتا ساڵە ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین، هەرگیز مەسەلەی کورد وەکو مەسەلەیەك نەبۆتە بابەتی ئەوەی پێی دەلین" کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی" یان وولاتانی زلهێزو چارەسەری کێشەی کورد نەچۆتە دەستوری کاری هیچ وولاتێکی زلهێزو "ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان"یشەوە، بەلکو هەمیشە مەسەلەی کورد مەسەلەیەك بوە کە لە کێبەرکێی وولاتانی زلهێزو ناوچەکەدا سەرو سەدای پەیداکردوە یان بێدەنگبوە. بە مانایەکی تر مەسەلەی کورد هەرگیز بابەتی ئەصلی نەبوە بەڵکو کوردستان هەمیشە ساحەیەك بوە بۆ ساخکردنەوەی کێشەکانی وولاتانی ترو مەسەلەی کورد بۆتە جێگای سادو سەوداو مەزادی نێو وولاتانی زلهێز و ناوچەکە. لەمبارەوە هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی ڕۆلێکی بەرچاویان گێراوە لە کێشانی ئەم وێنایەدا بۆ مەسەلەی کورد. ئۆتۆنومی لە مهاباد سات و سەودای نێوان یەکیتی سوڤیەت و بەریتانیا و ئەمەریکا و نیزامی شاهنشاهی بو هەم لەنیوەدا قەوارەی گرت و هەم لەنیوەشدا ڕوخا. ئینشقاقی نێو حیزبی دیمکراتی

کوردستان لە ساڵی 1964دا، وهودنەی چوارساڵەی نێوان پارتی دیمکراتی کوردستان لە گەل حکومەتی بەعس‌و ئۆتۆنۆمی 11ی ئازار کە ڕیکەوتنی جەزائیر کۆتایی پێهێناو ئەمەریکا لایەنێکی ئەصلی بوو تیایدا لە پشتی پەردەوە. مفاوزەزاتی ساڵی 1991 نێوان بەرەی کوردستان بە سەرکردایەتی تاڵەبانی‌و بارزانی دیسان بەهۆی دەخاڵەتی ئەمەریکاو جێگیری وەزیری دەرەوەیە بە ئاکام نەگەیشت، تەنانەت 31ی ئاب لەم حوکمە بەدەرنیەو پاشان ڕێککەوتنی واشنتن ئەمەیان زۆر ڕۆشنەو دواتر مانەوەی ڕیککەوتنی نێوان پارتی‌و یەکێتی‌و بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردن‌و بەم شێوەیەش ئیلحاق کردنی کوردستان بە عێراقەوە لەم هەلومەرجەدا... هەموویان تەجروبەو نیشاندەری ئەوەن کە مەسەلەی کورد تا ئێستا مەسەلەیەکە بۆ کایە پیٚ کردن لە ڕوانگەی وولاتانی زلهیزەو ناوچەکەشەوە، نەك مەسەلەو بابەتێك بۆ چارەسەکردن. بەربرسی یەکەم لەنێوەدا وە لەم دەورانەدا هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتین‌و بەتایبەت یەکێتی نیشتمانی‌و پارتی دیمکراتی کوردستان، کە بونە سایەی بەرەو پێشبردنی ئەم سیاسەتە.

خالێکی تر کە لەم نێوەدا هەم یەکێتی‌و پارتی تیایدا هاوبەشن وە بەبڕوای من هۆکارو ڕیگری ئەصلین لەبەردەم دەخاڵەتی خەڵکی کوردستاندا بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان، ئەوەیە کە هەمیشە خەڵکی کوردستانیان دور ڕاگرتوە لە دەخالەت کردن لە چارەنوسی خۆیاندا. چونکە بۆ وولاتانی ناوچەکەو بۆ وولاتانی زلهیز ئەوە ڕۆشن بوە کە خواستی جیایی کوردستان لەنێو خەڵکی کوردستاندا خواست‌و داوایەکی بەرحەق‌و هەمەگیرەو بەم پێیەش هەمیشە ئەم هێزانەیان بەکارهێناوە. نمونەی 13 ساڵ زیاتر لە دەسەلاتی هەردوو حیزب‌و سەرکوتی ئۆپۆزیسیونانی خۆیان، ڕیگا گرتن لە ئازادییە سیاسیەکان‌و پێش لەشکری بۆ تورکیاو نیزامی ئیسلامی ئێران... نیشاندەری ئەو ڕاستیەن.

نەك هەر ئەوەندە بەڵکو لەسایەی ناڕەزایەتی فراوانی خەڵکی کوردستاندا هاتون مقاشێکی تریان دروست کردوە بەنێوی بزوتنەوەی ریفراندۆمەوە بۆ کپ کردنەوەی دەنگی ناڕەزایەتی خەلکی کوردستان‌و بەلا ڕێدا بردنیان بۆ مەبەستی خۆیان. ئەوەتا سەرپەرشتیارانی بزوتنەوەی ریفراندۆم لە ئەمەریکان و ملیۆنیك‌و حەوت سەد هەزار ئیمزایان پێیە بۆ بەرپاکردنی ریفراندۆم لەکوردستاندا، کەچی تاڵەبانی لەگەل بەرنامەی " عالم الان"ی رادیۆی ساوادا لە ڕۆژی 2004/12/24 چاوپێکەوتن دەکات‌و دەڵێت" ریفراندۆم مانای بانگەواز نیە بۆ جیابونەوە، بەڵکو بۆ دیاریکردنی شێوەیەك لەشێوەکانی فیدرالیەتەو ئێمە نامانەوێت هەرگیز لەعێراق جیاببینەوە" بەمەدا ڕۆشن دەبێتەوە کە ئەم بزوتنەوە سەرەکەی لەشوێنێکی ترە، یان ئەوەتا ئێمە شاهیدی ڕەتکردنەوەی قسەکانی تاڵەبانی دەبین لەلایەن سەرپەرشتیارانی بزوتنەوەی ریفراندۆمەوە!. خەڵکی کوردستان نابێت بەم بزوتنەوەیە فریو بخۆن‌و پێویستە لەسەر خواستی جێبەجێکردنی ریفراندۆم‌و پرسی جیابونەوەو پیکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆ لەکوردستاندا خەباتی خۆیان یەکگرتوو ڕیکخراوتر بکەن.

## *فیدرالیزمی قەومی قوڵکردنەوەی برینەکان

خۆلکردنە چاوی خەڵکی کوردستان، ڕێگای جۆراوجۆری هەیە، ئەمجارەیان هەڵبژاردن‌و بەشداریکردن لەهەڵبژاردندا، ئەو سیاسەتەیە، کە خەڵکی کوردستان ژێر بەژێر دەکەنەوە ژێر دەسەلاتی مەرکەزی‌و کوردستانیش ئیلحاق دەکەنەوە بەعێراقەوە، لەولاشەوە بۆ کپکردنەوەی دەنگی ناڕەزایەتی بزوتنەوەی ریفراندۆم ئەم ڕۆلە دەگرێت کە خەڵك چاوەڕوان ڕابگرێت تاکو دوای هەڵبژاردن. بەتایبەت کە تا ئێستا ئەم بزوتنەوەیە هەڵوێستی ڕۆشنیان نیە سەبارەت بەوەی ریفراندۆمیان بۆچی‌یە؟! چونکە ریفراندۆم یەك پرسی هەیە ئەویش جیابونەوە یان مانەوەی لە چوارچێوەی عێراقدا. بەڵام بۆ یەکێتی‌و پارتی ئەم بزوتنەوەیە وەکو پێشتریش نوسیبوم سودی خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە وەکو زەختیك بەکاریدەهێنن بە سەر سەری ئەمەریکاو حکومەتی مەرکەزی‌و خەڵکی ناڕازی کوردستانیشەوە، چونکە ئەوان ترسی ئەوەیان هەیە کە فیدیرالیەتیەکەشیان پێنەدەن، فیدرالیەتێك کە جگە لە دەسەلاتیکی زیاتری یەکێتی‌و پارتی لە مەرکەزدا، هیچی تری فەرق نیە لەگەل ئۆتۆنۆمیەکەدا، کە خۆیان پیٚی فێرن. وە ئەمە  هیچ پەیوەندی نیە بەدۆزی خەڵکی کوردستانەوە، دۆزیك کە تەنها جیابونەوەی دەوێت. بەڵام ئەوان خەریکین لە ژێر ناوی کورسی زیاتری پەرلەمانی عێراق‌و بونی وەزیری زیاتر و بونی پۆستی سەرۆك یان سەرۆك وەزیراندا خەڵك هەڵدەخەلەتێنن‌و دەیانەوێت بەمە خەڵك ڕازی بکەن کە کورد مافی زیاتر وەرگرتوەو بە مافەکانی خۆی گەیشتوەو بەم پێیە دەیانەوێت ڕاپێچی دەنگدانیان بکەن. من دەلێم ئەگەر تالەبانی سەرۆك وەزیران بیت و بارزانی سەرۆك کۆمار بێت، لەجیاتی 6 وەزیر 12 وەزیری تریش کوردبن، وە کەرکوکیش بچێتە سەر فیدرالیەتیەکەیان هیچ پەیوەندی نیە بە چارەسەری کێشەی خەڵکی کوردستانەوە، بەڵکو کێشەی ئەوان لەجێگای خۆی باقی‌یەو فرسەت وەردەگرێت بۆ قولبونەوەی زیاتر.

## *وەزیری کورد!

بونی وەزیری کورد یان سەرۆك وەزیرانی کورد، هیچ پەیوەندی بە چارەسەری کێشەی کوردەوە نیە تاکو کاتیك خەلکی کوردستان خۆیان پرسیان پێنەکرابێتو بڕیاریان نەدابیت، کە دەمێننەوە لەگەل دەولەتی عێراقدا، واتە تاکو ریفراندۆم ئەنجام نەدرابێت. لەکاتی ئێستادا ئاماژە کردن بەم باسانە، وەکو ئەوە وایە بلێیت بونی وەزیری ژن کێشەی ژنان چارەسەر دەکات، کە بۆ هەموو کەسێکی ئاسایی رۆشنە وانیە، نەك هەر ئەوە بەڵکو لە جیهانی ئەمڕۆدا نیشانەی پێشکەوتن‌و ئازادیخوازیش نیە. بەهەمان شێوە بۆ بونی وەزیرو سەرۆك وەزیرانیش کە زمانی دایکیان کوردی‌یە، هەمان حوکم دروستە. ئەمە لە لایەك وە لە لایەکی ترەوە، ئیمە یەکەم جار نیە کە وەزیری کورد دەبینین، لە بەغدا، باواز لە کاتی حکومەتی بەعس بهێنین. بەڵام لە سەردەمی مەلەکیدا ئیمە چەند جار شاهیدی وەزیرانی کوردو تەنانەت سەرۆك وەزیرانی کورد بوین، نەك هەر ئەوە بەڵکو وەزیریکی وەکو جەمال بابان کە رۆشنە کوردەو خەڵکی شاری سلێمانیەو بەناوەکەیدا دیارە، لەلایەن پارتی دیمکراتی کوردستانەوە بە بەیانێکی رەسمی داوا لەحکومەتی محمد الصدر دەکرێت کە لە شوباتی 1948دا کابینە وەزاریەکەی دامەزراند کە( صالح جەبرو نوری سەعیدو جەمال بابان) وەکو تاوانبار دادگایی بکرێن و سزای خۆیان وەربگرن "( الحركة التحرر الوطني الكردستاني في كردستان جنوبي-دكتور خليل جندي/ لا97). وە لە حکومەتەکەی کە نوری سەعید پێکیهێنا لەساڵی 1943دا 3 وەزیری کوردی تێدا بوو بەم ناوانە ئەحمەد موختار بابان وەزیری دادگا و عومەر نەزمی وەزیری ناوخۆو ماجد موستەفا وەزیری دەوڵەت( هەمان سەرچاوە لا 60). ئەوەتا ئێستاش دکتۆر رۆژو دکتۆر بەرهەم هەردوکیان جیگری سەرەك کۆمارو سەرەك وەزیرانن، بەڵام توانیویانە چی بکەن بۆ چارەسەری کێشەی کورد؟ هیچ، نەك هەر ئەوە بەڵکو بونی ئەوان لەو شوێنەدا ڕاستەوخۆ نیشاندەری ئەوەیە، کە ئەوان هەر حەزیان لە جێگری‌یە!! و بە توندی کوردستان ئیلحاق دەکەنەوە بە عێراقەوە. واتە سیاسەتێك دەبەنە پێش کە خەڵکی کوردستان نایەوێتو خواستی ئەوان نیە.

## *ریفراندۆم پێش هەڵبژاردن و نا بۆ لۆزانیکی تر!

خەڵکی کوردستان ڕیگای تری لەبەردەمدا نیە جگە لە ڕێکخستنی خەباتو نارەزایەتی، بەدەوری خواستی ریفراندۆم پێش هەڵبژاردن‌و نا بۆ لۆزانێکی تر. چونکە ئەمجارە هەڵبژاردان لوزانێکی ترەو فەرقەکەی لەوەدایە کە ئەمجارەیان یەکێتی‌و پارتی هوشیارانە پیادەی دەکەن‌و خەڵکی کوردستان دەگێڕنەوە بن دەستی حکومەتی مەرکەزی‌و کوردستان ئیلحاق دەکەنەوە بە عێراقەوە. ئەمجارەیان ئەحزابی کوردی لەگەمەی ئەمەریکیداو لە ژێر ناوی هەڵبژاردندا ئەم ئەرکەیان گرتۆتە ئەستۆ. دەبێت خەڵکی کوردستان چی‌تر ڕیگا نەدات کە چارەنوسی ببەسترێتەوە بەگەمەو کێبەرکێی نێوان هیزو وولاتانی زلهیزو ناوچەکەوەو بڕیاری خۆی بدات. جیابونەوەی خەڵك لە یەکێتی وپارتی هەنگاوی یەکەمە لەم خەباتەدا. خەڵکی کوردستان پاش کیوێك لە کوشتو کوشتارو شەڕی ناوخۆو ئەنفال‌و کیمیایی باران‌و کاولکردنی زیاتر لە 4000 لادێو تەعریبی زۆرێك لە ناوچەکانی‌و ئاوارەیی‌و دەربەدەربونی سەدان هەزار لە لاوەکانی، پێویستە تەجروبەی پشت سەری خۆی بەوردی بخوێنێتەوەو بەهوشیاری‌یەوە ئاکاداربیت، کە ئێستا ئیتر کاتی ئەوەیە پرسی پێ بکرێت لە ریفراندۆمیکی گشتی‌دا بۆ جیابونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان مانەوە لەچوارچێوەی عێراقدا، بەشداریکردن لە هەڵبژارندا لۆزانیکی ترەو خەڵك نابیت بە دەنگی خۆی ئیلحاقی کوردستان بکات بەعێراقەوە. ئەمە خەتایەکی گەورەیەو دەبێت خەڵك خۆی بێ بەری بکات لێی.